## دانە حوسێن: کچە پاڵەوانی گـ...

# لەئۆڵۆمپیادی لەندەن مـ...

**دانە حوسـێن کچە یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی هەڵبژاردەی عێراق توانی نازناوی خێراترین کچە یاریزانی عەرەب لەم یارییە بۆخۆی دەسـتبەر بکات، دوای ئەوەی توانی لەیارییەکانی وڵاتانی عەرەبی، کە لەوڵاتی قەتەر بەڕێوەچوو مەدالیای زێڕ لەڕاکردنی ١٠٠م بەدەستبهێنێت.**
**ئەم کچە یاریزانە لەدایکبووی سـاڵی ١٩٨٦ی شـاری بەغدادە، یاریزانی ڕاکردنی ١٠٠م و ٢٠٠م، خاوەن ژمارەی پێوانەیی عێراقە لەڕاکردنی ١٠٠م و توانـی لەپاڵەوانێتـی وڵاتانی عەرەبی لەوڵاتی قەتەر مەدالیایەک-ی زێڕ لەڕاکردنی ١٠٠م بەدەسـتبهێنێت و مەدالیای زیو لەڕاکردنی ٢٠٠م و مەدالیای برۆنز لەڕاکردنی ٤٠٠م بەدەسـتبهێنێت، و بەشـداری لەئۆڵۆمپیادی پەکین ٢٠٠٨ کردووە، بەڵام ئەنجامەکەی وەکو پێویسـت نەبوو، دوای ئەم دەستکەوتانە ئەم کچە یاریزانە ڕاستەوخۆ بۆ ئۆڵۆمپیادی لەندەن سەرکەوت و ئێستاش خۆی بۆ ئەم پاڵەوانێتیە ئامادە دەکات و ئۆردوگایەکی مەشقی لەشاری هەولێر ئەنجامدا.**



***چۆن خۆت بۆ ئۆڵۆمپیـادی لەنـدەن ٢٠١٢ ئامادە کردووە؟**

- خۆم بەباشی بۆ ئۆڵۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢ ئامادە کـردووە و بەیانیان و ئێواران مەشـقی خۆم ئەنجام دەدەم، بەڵام ئۆردوگای مەشـقیم درەنگ ئەنجـام دا، بۆیە دەبێـت لەداهاتوو زیاتر خۆم لەمەشـقەکانم ئامادە بکەم و لەماوەیەدا ئۆردوگایەکی مەشـقی لەشاری بەغداد ئەنجام دەدەم.

*** چۆن دەسـتکەوتەکانی خۆت وەسـف دەکـەی لەیارییەکانـی وڵاتانی عەرەبی لەقەتـەر و پاڵەوانێتـی یانەکانی عەرەبی لەشارقە؟**

- هەستم بەخۆشـیەکی زۆر کرد، چونکە خۆم بۆ ئەم دوو پاڵەوانێتیە زۆر ماندوو کرد بۆئەوەی بتوانم دەسـتکەوتێك بەدەستبهێنم، هەر کەسێك لەمەشقەکانی بەردەوام بێت ئەوە بەتەئکید دەتوانێت مەدالیا بەدەستبهێنێت.

*** ئەوەی تێبینی دەکرا ماوەیەك ئاستت بەشـێوەیەکی مەترسـیدار دابەزی، هۆیەکەی بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

- هەر ڕاهێنەرێـك تەکتیك بۆ یاریزانی خـۆی دادەنێت بۆئـەوەی دەسـتکەوت لەپاڵەوانێتیەکی دیاریکراو بەدەسـتبهێنێت، ڕاسـتە من لەهەندێك پاڵەوانێتی ئەنجامم وەکو پێویست نەبوو، بەڵام ئەم پاڵەوانێتیانە وەکـو خۆئامادەکردن بوو بـۆ یارییەکانی وڵاتانی عەرەبی لەقەتـەر، هەروەها دەبێت وەرزشوان باوەڕی بەدۆڕان و بردنەوە هەبێت، ئەگـەر نەدۆڕێـت ناتوانێت سـەرکەوتن بەدەستبهێنێت.

*** بۆچـی زۆربـەی دەسـتکەوتەکانی یارییەکانـی گۆڕەپان و مەیدان لەسـەر ئاستی وڵاتانی عەرەبە نەوەك لەسەر ئاستی ئاسیا؟**

- تا ڕاددەیەك ڕاستە، بەڵام ئێمە لەسەرەتا هەوڵـی بەدەسـتهێنانی پاڵەوانێتیەکانی عەرەب-مـان کـرد دواتر هـەوڵ دەدەین لەسەر ئاستی ئاسیا مەدالیا بەدەستبهێنین دواتر لەسەر ئاسـتی جیهان، بۆیە هەموو دەسـتکەوتێکی گەورە هەنـگاو بەهەنگاو تۆمـار دەکرێت، مـن حەز دەکـەم ببمە ئەسـتێرەی ئۆڵۆمپیاد لەهەمان کاتدا ئەم

## ـــۆڕەپان و مەیـدان بۆ گـولان:

# ـــــەدالیای زێڕ لەمل دەکەم





فۆتۆ: ئەردەلان قادر

دەستکەوتی پاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەبی لەقەتەر دەرگایەکی گەورەی بۆ کردمەوە بۆ ئەوەی لەپاڵەوانێتیەکانی ئاسیاش مەدالیا بەدەستبهێنم، چونکە هەست دەکەم ئاستم لەگەڵ یاریزانەکانی وڵاتانی ئاسیا وەکو یەکە.

*** ئایا وازهێنانی گوڵستان مەحمود لەیارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان نەبووە هۆکاری ئەوەی کە تۆ ببیە ئەستێرەی بووکی یارییەکان لەعێراق؟**

-نەخێر، چونکە بوونی گوڵستان لەیارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان هۆکارێکی زۆر باش بوو بۆ من تاوەکو ئاستم بەرزبکەمەوە و بوونی ڕکابەری لەنێوانمان، هەست بەدڵگرانی دەکەم، کە ئەم کچە یاریزانە وازی لەیارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان هێناوە، چونکە دەیتوانی لەیارییەکانی ڕاکردنی پۆستە مەدالیا یارمەتیەکی زۆری دەداین بۆ بەدەستهێنانی مەدالیا.

*** چۆن دەڕوانیە ئاستی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لەسەر ئاستی عێراق بەتایبەتی کچان؟**

- ئاستی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لەسەر ئاستی کچان زۆر لاوازە، هۆکارەکەش بۆ نەبوونی قوتابخانە و بۆ پێگەیاندنی یاریزان و هەروەها لەعێراق ڕاهێنەری ئەکادیمی نییە کە بتوانێت یاریزان دروست بکات، بۆ نموونە لەیارییەکانی وڵاتانی عەرەبی، کە لەقەتەر بەڕێوەچوو ئەگەر هەڵبژاردەی عێراق دوو کچە یاریزانی تری هەبوایە، ئەوە دوو مەدالیای مسۆگەر دەکرد لەڕاکردنی پۆستە (١٠٠X٤)م و ڕاکردنی پۆستە (٤٠٠X٤)م.

***هۆکاری ئەم لاوازیە بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

- چەندین هۆکار هەیە، ئەوەیش خراپی بارودۆخی ئەمنی و هەروەها عێراق وڵاتێکی کۆمەڵایەتیە زۆر بەزەحمەتی کچ دێتە نێو وەرزش لەگەڵ بوونی چەندین هۆکاری تر.

*** تا چەند ماڵەوەتان پاڵپشتیت لێدەکەن بۆ ئەوەی لەم یارییە بەردەوام بیت؟**

- هەردەم ماڵەوەمان پاڵپشتیان لێکردووم چ لەپاڵەوانێتیەکانی دەرەوە یاخود ناوەخۆ، ئەگەر ئەوان پاڵپشتیان لەمن نەکردبایە، ئەوە نەمدەتوانی ئەم دەستکەوتانە بەدەستبهێنم.

*** پرۆگرامت بۆ پاڵەوانێتیەکانی داهاتوو چیە، جگە لەئۆڵۆمپیادی لەندەن؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت، دەتوانم ببمە ئەستێرەی ئۆڵۆمپیاد و پاڵەوانی جیهان بۆ گۆڕەپان و مەیدان، ئەگەر هەموو شتێکیان بۆ دابین کردم لەکردنەوەی ئۆردوگای مەشقی باش...و تاد، ئەمەش نابێتە لەخۆبایی بوون، چونکە من متمانەیەکی زۆرم بەئاستی خۆم هەیە.

ڕاستە لەم ماوەیەدا بایەخ بەیارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان دەدرێت لەلایەن یەکێتی گۆڕەپان و مەیدان لەعێراق و لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراق و وەزارەتی وەرزش و لاوانی عێراق، بەڵام بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر ئەم پاڵپشتیە وەکو پێویست نییە.

لەکۆتاییدا دانا حوسێن پەیامێکی ئاراستەی کچە یاریزانەکان کرد و گوتی: هیوادارم هەموو کچە یاریزانەکان لەکاتی مەشقەکانیان بیر لەبەدەستهێنانی نازناو بکەنەوە و لەمەشق کردن بەردەوام بن.

# فیلەکەی چێڵسی:
# ئەرسنال و تۆتنهام لەئێمە باشترن


یاریزانی هەڵبژاردەی کۆتدیڤوار دیدی درۆگبا هێرشبەری یانەی چێڵسی ئینگلیزی دانی بەوەدانا کە یانەکەی لەم وەرزەدا ئاستی ڕاستەقینەی خۆی پێشکەش نەکردووە هەر بۆیە یانەکەی تەنیا دەبێ گلەیی لەخۆی بکات ئەگەر نەیتوانی پلەیەکی باش بەدەست بهێنێت لەکۆتایی ئەم وەرزە و نەتوانێ لەوەرزی داهاتوو بەشداری لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بکات، درۆگبا لەلێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا دانی بەوەش دانا کە هەردوو یانەی ئەرسنال و تۆتنهام لەیانەی چێڵسی باشترن، بۆیە شایستەی ئەوەن کە لەپێشەوەی ڕیزبەندی یانەکان بن، لەمبارەیەوە درۆگبا گوتی: ئەگەر هەردوو یانەی ئەرسنال و تۆتنهام لەڕیزبەندی یانەکان لەپێش ئێمە بن هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان شایستەی ئەو پێشکەوتنەن، چونکە هەردوو یانە ئاستێکی بەرزتریان نمایشکرد.

هەروەها درۆگبا گوتی: پێویستە ڕاستگۆبین، ئێمە ئەو ئاستەمان پێشەکەش نەکردووە کە شایستەی ئەوە بێت لەپێش هەردوو یانەی ئەرسنال و تۆتنهام بین لەڕیزبەندی یانەکان، بەلام

هێشتا چەندین یاری ماوە کە تیایدا دەتوانین گۆڕانگاری لەڕیزبەندی یانەکان بکەین و پلە یەك لەچوارگۆشەی زێڕین بۆخۆمان مسۆگەر بکەین.

شایانی باسە یانەی چێڵسی لەپلەی پێنجەمی خولی ئینگلتەرا دێت بەجیاوازی پێنج خاڵ لەگەڵ یانەی تۆتنهام کە لەپلەی چوارەم دێت و ئەرکی زەحمەتە بۆ مسۆگەرکردنی شوێنێك لەچوارگۆشەی زێڕین و بەشداریکردن لەخولی یانەکانی ئەوروپا لەوەرزی داهاتوو.



## بیکنباوەر:
## ڕیال مەدرید ڕکابەرێکی سەخت دەبێ بۆ بایرەن میونیخ

ئەفسانەی تۆپی پێی ئەڵمانی فرانز بیکنباوەر ڕایگەیاند کە بڕوایەکی تەواوی هەیە بەگەیشتنی هەردوو یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی و بایرەن میونیخی ئەڵمانی بۆ چوارگۆشەی زێڕینی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و هەردوو یانە لەقۆناغی پێش کۆتایی لەیارییەکی زەحمەت و بەهێزدا بەیەك دەگەن بۆ گەیشتن بۆ یاری کۆتایی، بیکنباوەر لەلێدوانێکدا گوتی: بایرەن میونیخ بەرامبەر ڕیال مەدرید یارییەکی بەهێز دەبێت، وابزانم بارودۆخەکەش بەم ئاراستەیەوە دەڕوات، بایرەن دەتوانێ بەربەستی مارسیلیا ببڕێت و بەهەمان شێوە ڕیال دەتوانێ بەربەستی ئەپۆیل ببڕێت لەقۆناغی هەشت دا ئەوکات هەردوو یانە لەململانێ دادەبن بۆ بڕینی پلیتی یاری کۆتایی.

بیکنباوەر پێیوایە ئەرکی یانەی بایرەن میونیخ لەقۆناغی پێش کۆتایی بەرامبەر یانەی ڕیال مەدرید هەروەك پێشبینی دەکرێت زۆر زەحمەت دەبێت، بەڵام سەرکەوتن بەسەر یانەی شاهانە مەحاڵ نابێت، بیکنباوەر گوتی: ڕیال مەدرید تیپێکی لێهاتوو و بەهێزی هەیە بەڵام وەك یانەی بەرشلۆنە نییە، ڕیال بەهێز و توانای جەستەیی یاری دەکات لەو کاتەی بەرشلۆنە بەشێوەیەکی هونەری یاری دەکات.

بیکنباوەر لەکۆتایی لێدوانەکەی هیوای ئەوەی خواست کە یانەی بایرەن میونیخ بگاتە یاری کۆتایی و لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە هەڵگری نازناوەکە یاری بکات.



# ئینتەرمیلان بەناچاری دەستبەرداری ئیتۆ و مۆتا بوو

بەڕێوەبەری وەرزشی یانەی ئینتەرمیلانی ئیتالی برانکا دووپاتیکردەوە کە یانەکەی بەناچاری دەستبەرداری هەردوو یاریزانی کامیرۆنی ساموێل ئیتۆ و یاریزانی ئیتالی تیاگۆ مۆتا بوو کە یەکەمیان پێوەندی بەیانەی ئانژی ڕوسی کرد و دووەمیان پێوەندی بەیانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی کرد، برانکا ئەوەشی ڕاگەیاند کە هەردوو یاریزان سوور بوون لەسەر ڕۆیشتنیان، بۆیە یانەکەی ڕێگای بەهەردووکیان دا دوای ئەوەی هیچ ڕێگایەك نەما بۆ ڕازیکردنیان بەمانەوەیان لەیانەی ئینتەر میلان.

دەربارەی بارودۆخی یانەکەی و دابەزینی بۆ پلەی هەشتەم لەخولی ئیتالیا برانکا گوتی: ئەوەی ئێستا ڕوودەدات لەیانەی ئینتەر میلان بەشێکە لەیاری تۆپی پێ هەروەك چۆن یانەی ئینتەرمیلان پێش دوو وەرز هەموو نازناوەکانی بەدەست هێنا ئەواش دەبێ ئێستا تیپێکی تازە دروست بکاتەوە بۆ ئەوەی یانەی ئینتەر بە بەهێزی بگەڕێتەوە ململانێ لەسەر نازناوەکان و دەبێ پشت بەیاریزانە لاوەکان ببەستێت.

لەلایەن خۆیەوە ماسیمۆ مۆراتی سەرۆکی یانەی ئینتەرمیلان خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەئاستی تیپی لاوانی یانەکەی کە توانی ببێتە پاڵەوانی خولی لەندەن و پێشبینی ئەوەی کرد کە ٣ تا ٤ یاریزان لەم تیپە لەیارییەکانی داهاتووی یانەکەی لەخولی ئیتالیا بەشداربن بۆ ئەوەی شوێنی خۆیان لەپێکهاتەی سەرەکی بۆ وەرزی داهاتوو مسۆگەر بکەن.



# ماریۆ گۆمێز دڵنیایە لەمانەوەی لەبایرەن میونیخ

هێرشبەری یانەی بایرەن میونیخی ئەڵمانی ماریۆ گۆمێز دووپاتیکردەوە کە ئەو دڵنیایە لەمانەوی لەیانەکەی هەرێمی باڤاریا و درێژکردنەوەی بۆندەکەی تا ساڵی ٢٠١٦، لەلایەن خۆیەوە بریکاری یاریزان گۆمێز (ئۆلی فێربەر) لەلێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی (AFP) گوتی: گفتوگۆیەکان لەگەڵ دەستەی کارگێڕی یانەی بایرەن میونیخ زۆر باش بوون و هەموو لایەك کۆکن لەسەر درێژکردنەوەی بۆندەکەی گۆمێز، ئەوەش لەداهاتوویەکی نزیك دەبێت.

یاریزان ماریۆ گۆمێز لەیانەی شتوتگارت دەستی بەیاریکردن کرد تا ساڵی ٢٠٠٩ دواتر پێوەندی بەیانەی بایرەن میونیخ کرد و بۆندێکی تا ساڵی ٢٠١٣ مۆرکرد بەنرخێکی پێوانەیی لەخولی ئەڵمانیا بەبڕی ٣٠ ملیۆن یۆرۆ.

گۆمێز لەوەرزی ڕابردوو گۆڵکاری خولی ئەڵمانیا بوو بەتۆمارکردنی ٢٦ گۆڵ، لەم وەرزەش تا ئێستا لەپلەی یەکەمی ڕیزبەندی گۆڵکاران دێت بەتۆمارکردنی ٢٣ گۆڵ، لەهەموو خولەکانیش گۆمێز ٣٦ گۆڵی تۆمارکردووە کە ١٠ گۆڵی لەخولی یانەکانی ئەورووپایە بەتایبەتی تۆمارکردنی سوپەر هاتریك لەبەرامبەر یانەی بازلی سویسری لەقۆناغی ١٦ی چامپۆنزلیگ کە یانەی بایرن بەئەنجامی (٧-٠) سەرکەوتنی تۆمارکرد.



# ٣٥ ملیۆن یۆرۆ لەچێڵسی بۆ کاڤانی تەرخانکراوە

ڕۆژنامەی (زە سەن)ی بەریتانی دووپاتیکردەوە کە یانەی چێڵسی بەهەموو تواناییەکی هەوڵ دەدات بۆئەوەی بۆندێك لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی ئۆرگوای و یانەی ناپۆلی ئیتالی ئیدنسۆن کاڤانی مۆر بکات، ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەدا کە بریکاری یاریزان کاڤانی هەفتەی ڕابردوو سەردانی شاری لەندەنی کردووە بەمەبەستی وتووێژکردن لەگەڵ لێپرسراوانی یانەی چێڵسی بۆ گواستنەوەی یاریزان کاڤانی لەیاریگای سان پاولۆ لەشاری ناپۆلی بۆ یاریگای ستامفۆرد بریدج لەشاری لەندەن لەهاوینی داهاتوو.

کاڤانی بەو ئاستە بەرزەی کە لەمۆندیالی ٢٠١٠ لەگەڵ هەڵبژاردەی ئۆرگوای و ئەو ئاستەی لەگەڵ یانەی ناپۆلی پێشکەشی دەکات سەرنجی یانە گەورەکانی ئەورووپای بۆخۆی ڕاکێشاوە بەتایبەتی کە لەم وەرزەدا تا ئێستا ٢٦ گۆڵی تۆمارکردووە، یانەی ناپۆلی بەئاسانی دەستبەرداری کاڤانی نابێت بۆیە یانەی چێڵسی ناچارە بڕە پارەیەکی زۆر سەرف بکات بۆ هێنانی ئەم یاریزانە و لەوانەیە نرخەکەی بگاتە ٣٥ ملیۆن یۆرۆ.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# هەڵبژاردەی فۆتسالی کچانی عێراق بەشداری لەپاڵەوانێتی ڕۆژئاوای ئاسیا دەکات

بەمەبەستی خۆئامادەکردنیان بۆ پاڵەوانێتی ڕۆژئاوای ئاسیا، کە وا بڕیارە سبەی سێشەممە لەوڵاتی بەحرێن دەست پێبکات، بە بەشداریکردنی ٩ وڵات، ئەویش هەریەکە لەهەڵبژاردەکانی (ئوردن، لوبنان، سوریا، فەڵەستین، قەتەر، ئیمارات، کوێت، بەحرێن) لەگەڵ عێراق.

بۆ ئەم مەبەستەش هەڵبژاردەی فۆتساڵی عێراق ئۆردوگایەکی مەشقیان لەشاری هەولێر کردووە و ئۆردوگا مەشقیەکە ماوەی ٧ ڕۆژی خایاند دوای تەواوبوونی ئۆردوگا مەشقیەکە ڕاستەوخۆ هەڵبژاردەی فۆتساڵی کچانی عێراق بەرەو وڵاتی بەحرێن بەڕێکەوتن، لەم هەڵبژاردەیە سێ یاریزانی کورد یاری دەکەن ئەویش یاریزانانی شاری دهۆکن.

شاندی هەڵبژاردەی فۆتساڵی عێراق پێکهاتووە لە(محەمەد خەلیل سەرۆك شاند، یاریزانان (حەنان تەها، نور سەمیر، تومارا سەباح، وەسن عیدان، زینە جەمیل، سەجا کەمال، سابرین کیفاح، کەوسەر هادی، فاتن مالەڵا، ڤەلەنتینا نەعیم، سەبیل شوکر، نیڤین فائق، فەبرۆنیا حەبیب، مەیس مەحمود، ڕۆژین سەعید، زەینەب عەباس، مەروە سەعدی، ڕۆنیا عیماد، نادیە فازڵ).

لەکاتی بەسەرکردنەوەی هەڵبژاردەی فۆتساڵی کچانی عێراق تەئکیدیان لەوە کردەوە، کە بەشێوەیەکی زۆر باش خۆیان بۆ ئەم پاڵەوانێتیە ئامادە کردووە و هەوڵ دەدەن ئەنجامی باش بەدەستبهێنن بۆ ڕکابەری کردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی پاڵەوانێتیەکە، لەکۆتاییشدا سوپاسی خۆیان ئارستەی دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر و یانەی ئافرەتانی هەولێریان کرد، چونکە ئەم دوو یانەیە هۆڵی داخراوی خۆیان بۆ بەردەم هەڵبژاردەی فۆتساڵی عێراق کردبووەوە.



# سبەی هەولێر لەبەردەم یاری

وا بڕیارە سبەی سێشەممە لەچوارچێوەی یارییەکانی جەولەی سێیەمی قۆناغی یەکەمی کۆمەڵەی دووەمی جامی یەکێتی ئاسیا، یانەی هەولێر لەشاری کەلکەتای هیندستان ڕووبەڕووی یانەی ئێست بەنغالی هیندستان ببێتەوە.

ئەم یارییە گرنگییەگی تایبەتی خۆی بۆ یانەی هەولێر هەیە، دوای ئەوەی لەدوو یاری ڕابردوو بەرانبەر هەردوو یانەی کازمەی کوەێتی و عروبەی یەمەنی تووشی یەکسانبوو لەنێو یاریگەی خۆی ئەمەش بووە هۆکاری نارەزایی هاندەرانی یانەکە، بۆیە دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ یاریزانان و دەستەی ڕاهێنەرانی ئەنجامدا و ئۆردوگایەکی مەشقی ناوخۆیان لەشاری هەولێر کردەوە، کە ڕۆژانە بەیانیان و ئێواران مەشقی ڕۆژانەی خۆیان ئەنجامدا و هەروەها لەم ماوەیەدا سێ یاری دۆستانەیان لەگەڵ یانەکانی نەفت و بەغداد و شەرگات ئەنجام دا بۆ ئەوەی یاریزانەکان بەباشترین شێوە خۆیان بۆ ئەم یارییە ئامادە بکەن.

شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە شاندی یانەی هەولێر لەڕێگەی فرۆکەخانی هەولێری نێودەوڵەتی بەرەو وڵاتی ئیمارات بەرێکەوتن دوای ڕۆژێك مانەوە ڕاستەوخۆ بەرەو شاری کەلکەتای هیندی بەرێکەوتن بۆ ئەوەی خۆیان بۆ ئەم یارییە ئامادە بکەن، بەپێی زانیارییەکان یانەی هەولێر تەنیا یەك مەشقی لەم وڵاتە ئەنجامدا بەهۆی نەبوونی کات.

# بەشدارییەکی سەرکەوتووانەی شاندی هەرێمی کوردستان لەماراسۆنی ڕۆمای نێودەوڵەتی

بە بەشداری زیاتر لە٨٥ وڵات و لەنێوانیشیاندا شاندی هەرێمی کوردستان، ماراسۆنی ڕۆمای نێودەوڵەتی سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو. ئەم ماراسۆنە ڕاکردنی ٤٢ کیلۆمەتری و نیو ماراسۆن ٢١ کیلۆمەتر لەگەڵ ڕاکردنی ٤ کیلۆمەتری کە پارەکەی بۆ کاری خێرخوازی تەرخان دەکرێت، توانراوە بڕی یەك ملیۆن و ٥٤٥ هەزار یۆرۆ کۆبکرێتەوە.

هەر لەماراسۆنەکەدا زیاتر لە١٦ هەزار وەرزشوانی بەناوبانگی جیهانی بەشداریان کرد کە بەشێکی زۆریان پێشتر لەماراسۆنە جیهانییەکان بەشداریان کردبوو.

دوای ڕکابەرییەکی توند لەنێوان بەشداربووندا یاریزانانی کیشوەری ئەفریقیا هەر دە پلە یەکەمەکەی ماراسۆنی ڕۆمای نێودەوڵەتیان بەدەستهێنا و یاریزانی کینی کاندا لۆك لۆکوبا توانی ماراسۆنەکە بەماوەی دوو کاتژمێر و هەشت خولەك و چوار چرکە ببڕێت و پلەی یەکەم وەدەست بهێنێ و بڕی ٤٠ هەزار یۆورۆ وەك خەڵات وەربگرێت.

هەروەها براوەی دووەمیش یاریزانێکی کینی بوو بەناوی براماو سامسۆن بەماوەی دوو کاتژمێر و هەشت خولەك و پەنجا و یەك چرکە، براوەی سێیەمیش یاریزانی ئەسیوبی تیسگا دیمساو ئابیبا کە ماراسۆنەکەی بەدوو سەعات و دە خولەك و چل و حەوت چرکە کۆتایی پێهێنا.

شایانی باسە شاندی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمجارە بەشداری لەئامادەکارییەکانی ماراسۆنێکی نێودەوڵەتی دەکات و لەنزیکەوەش چاودێری بەڕێوەچوونی ئەم ڕووداوە نێودەوڵەتییە گرنگەی کرد، لەماراسۆنەکەشدا چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کوردستان (IKNN) بەشداریان لەڕاکردنی چوار کیلۆمەتری کرد.

## ـــــەکی چارەنووسسازە لە هیندستان

لەم یارییە ڕەنگە یاریزان لوئەی ســەڵاح دووبــارە بگەڕێتەوە نێو یاریگــە دوای ئــەوەی لەیاری ڕابردوو بەهۆی پێــکان نەیتوانی بەشــداری بکات، گەڕانەوەی ئەم یاریزانــە تایبەتمەندێکی خۆی هەیە، چونکە یاریزانێکی کاریگەرە لەسەر پێکهاتەی یانەکە.

شــاندی یانەی هەولێر پێکهاتووە لەبێجان ئیبراهیم ســەرۆك شاند و ١٨ یاریــزان و ڕاهێنەر و دوو یاریــدەدەری ڕاهێنەر و ڕاهێنەری گۆڵچی و پزیشــك-ی تیپ و دوو کارگێڕی تیپ و ڕێکخەری ڕۆژنامەنووسی پێکهاتووە.

لەبەرانبەردا یانەی ئێســت بەنگالی هیندستان لەدوو یاری تووشی دۆڕان هــات، کاتێك لەیەکەم یاری بەرانبەر عروبەی یەمەنی لەنێو یاریگەی خۆی بەئەنجامی (١-ســفر) گۆڵ تووشی دۆڕان هات و لەیاری دووەم بەرانبەر یانەی کازمەی کوەیتی بەئەنجامی (٣-سفر) دۆڕا، لەم یانەیە یاریزانێکی پیشگەری بەرازیلی و ئوسترالی و دوو نێجیری یــاری دەکات، ئەم یانەیە هەوڵ دەدات لەم یارییە ســود لەیاریگا و جەماوەر وەربگرێت و ئەنجامێکی بەرچاو بەدەستبهێنێت و چانسی مانەوەی لەپاڵەوانێتیەکە بمێنێت.

یارییەکەش کاتژمێر (١٢:٤٥)ی نیوەڕۆ بەکاتی کوردستان بەڕێوە دەچێت.

جێگەی باسە لەهەر کۆمەڵەیەك دوو یانە بۆ قۆناغی ١٦ی جامی یەکێتی ئاســیا سەردەکەوێت و یەکەم هەر کۆمەڵێك لەقۆناغی ١٦ لەنێو یاریگەی خۆی یاری دەکات.



## یانەی کەرکوک گرێبەست لەگەڵ چەند یاریزانێک گرێ دەدات

دوای تەواوبوونی یارییەکانی قۆناغی یەکەمی خولی بژاردەی عێراق و تەواوبوونی یارییەکانی خولی نایابی کوردستان بۆ تۆپی پێی، یانەی کەرکوك لەخولی عێراق ئەنجامەکانیان وەکو پێویست نەبوو و هەڕەشەی هاتنەخوارەوەیان لێدەکرێت، بۆیە دەستەی کارگێڕی یانەی کەرکوك بڕیاری دا گرێبەست لەگەڵ چەند یاریزانێکی یانەکانی کوردستان مۆربکات بۆ ئەوەی بتوانن لەقۆناغی دووەم ئەنجامەکانیان باش بێت و لەخولی بژاردەی عێراق بمیننێنەوە.

بۆ ئەم مەبستە دەستەی کارگێڕی یانەی کەرکوك لەگفتوگۆیەکی گەرمدایە لەگەڵ هەریەکە لەیاریزانان دیار ڕەحمان و دڵدار ئیبراهیم (یانەی هەولێر) و غفور عوسمان و کارزان عەبدوڵڵا و بەیار ئەبو بەکر (یانەی بروسك) و مازن کەریم و پرسیار عەبدولرەزا (یانەی پێشمەرگەی هەولێر) و میران کەریم (یانەی برایەتی) و عەلی عەزیز (یانەی ئارارات) و سینگاڵی مامادۆ مالیك (یانەی هەڵۆ) لەگەڵ چەند یاریزانێکی تر.

ئەگەر ئەم یاریزانانە پێوەندی بەیانەی کەرکوك بکەن ئەوە خزمەتێکی گەورەی هەڵبژاردەی کوردستان دەکەن، کە ئێستا خۆی بۆ پاڵەوانێتی هەرێمە بێ وڵاتەکان ئامادە دەکات، کە وا بڕیارە لەم ماوەیەدا لەهەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێت، چونکە ئەم یاریزانانە توانیان لەوەرزی ئەمساڵدا لەخولی کوردستان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت ڕاهێنەری هەڵبژاردەی کوردستان عەبدوڵڵا مەحمود لەزۆربەی هەرە زۆری یارییەکانی یانەی کەرکوك لەخولی عێراق ئامادە بێت بۆ سەیرکردنی ئەم یاریزانانە.

## پاڵەوانێتیەکی تایکواندۆ بۆ یادی هەڵەبجە

لەشاری سلێمانی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان وەکو وەفایەك بۆشەهیدانی کیمیابارانــی هەڵەبجەی شــەهید هەڵســا بەئەنجامدانــی پاڵەوانێتیی تایکوانــدۆی هەڵەبجــەی نێودەوڵەتی، لەپاڵەوانێتیەکەشــدا کە هەریەك لەتیپی تایکوانــدۆی (یانەی برایەتی، یانەی نەورۆز، یانەی شــورتە، یانەی ئاشتی، یانەی ســناعە، هەڵبژاردەی عێراق، هەڵبژاردەی لاوانی عێراق، یانــەی نەینەوا، یانەی خالیدون) لەپاڵەوانێتیەکەشــدا یاریزانانی بەشــداربوو ئاســتێکی بەرزیان پێشــکەش کرد و ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەیی خوارەوە بوو.

١-هەڵبژاردەی عێراق ٢-یانەی خالیدون ٣- یانەی ئاشتی



## دکتۆر سائیر سەرۆکی لیژنەی وەرزش و لاوان لە پەرلەمانی کوردستان:

# وەرزشیش پێویستی بەچاکسازی هەیە و نابێ ترسمان لێی هەبێ

**دکتۆر سائیر یەکێکە لەوەرزشکارانی شاری هەولێر و ماوەیەکی زۆرە لەشارۆچکەی عەنکاوە لەخزمەتی وەرزشی دایە، ناوبراو سەرۆکی یانەی ئەکادو ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە لەسەر لیستی ئەنجومەنی گەلی سریانی ئاشوری و سەرۆکی لیژنەی وەرزش و لاوانە لەپەرلەمانی کوردستان و ئەندامی لیژنەی خوێندنی باڵایە لەپەرلەمانی کوردستان، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیمان لەگەڵی ئەنجام دا.**

*** بارودۆخی وەرزشی کوردستان لەچ ئاستێکە؟**

-لەئێستادا بارودۆخی وەرزش ئەوەیە کە یەك قیادەی نییە، دەبێت وەرزش ڕێکبخرێتەوە لەنێوان وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان، یانەکان ئێستا دوو بەرپرسیان هەیە، دەبێ یەك هەیکەلیەت و یەك هەرەمی هەبێت کارەکان باشتر دەڕوات، لەئێستادا لەهەموو شتێك دوو بەرپرس هەیە، پێویستە یانەکان یان بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بێت یان بۆ لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بێت، دەبێت ئەو بابەتە چارەسەر بکرێت.

***لەم کاتەدا گەشبینی بەوەرزشی کوردستان؟**

-زۆر گەشبینم، چونکە ئێستا وەرزشی ڕاستەقینە دەستی پێکردووە و ئێستاش پرۆژە چاکسازیەکەی سەرۆکی هەرێمی دەستی پێکردووە و لەهەموو شت گەندەڵی هەبووە.

***چاکسازی لە وەرزشیش دەکرێت؟**

-بەڵی وەرزشیش دەگرێتەوە، چاکسازی بەیەك ڕۆژ و دوو ڕۆژ ناکرێت و شوێنێك نییە دڕابێت و بیدووریتەوە، نابێ لە چاکسازیش ترسمان هەبێت، کاتی دەوێ ئەگەر بەدوو ساڵ و سێ ساڵیش بکرێت ئێمە سەرکەوتنمان بەدەستهێناوە.

***زۆر جار لەکوردستان باسی وشەی گەندەڵی دەکرێت، بەبۆچوونی جەنابت گەندەڵی لەوەرزشدا هەیە؟**

-گەندەڵی هەیە بەتەئکید، زۆر یانەیە هەیە لەڕێگای وەرزشەوە سوودی بینیوە بۆخۆی لەڕووی پرۆژەوە، زۆر یانەیە بودجەی هەیە تەمەننا دەکەم بۆ یاریزانان و یانەکە سەرف بکرێت نەك بۆهەندێك کەس بۆخۆیان سوودی لێ ببینن، زۆربەی یانەکان تەمویل زاتیان نییە.

***ماوەیەك پێش ئێستا لە لیژنەی وەرزش و لاوان کۆمەڵێك دۆسیەی گەندەڵکارانتان لەژێر دەست بوو، بڕیار بوو بیدەنە سەرۆکی هەرێم چی بەسەر هات ئەو دۆسیانە؟**

-



ئەو پارەیە سامانی گشتیە، ئەو پارەیەی کە سەرف دەکرێت بۆ وەرزش ئێمە دەڵێین یەك ڕێگا هەیە ئەویش وەزارەتی ڕۆشنبیریی کە کارەکانی کارگێڕی دەکات لیژنەی ئۆلمپیش هونەریە لەو ڕێگایە ناچێت پارەکە وەربگرێت دەچێت لەڕێگایەکی تر پارە وەردەگرێت، بەرپرسەکانیش بۆیان سەرف دەکەن، پێیان ناڵێن بڕۆنە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان با کەشفەکە لەڕێگای وەزارەتەوە بێت، بەڵام ڕاستەوخۆ بە بەرپرسەکە دەڵێن کارەکە ئاسان دەکرێت و ئەوەش گەندەڵیە ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕەقابەی لەسەر نەمینێت، ئێمەش فایلمان لەژێر دەستە چەند یانە هەبوو پارەیان وەردەگرت بەبێ ئاگابوونی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، ئەوە قسەی وەزارەتە ئێمە دەمانەوێ ئەو کارە نەمینێ، لەیەك شوێن بێت و ئەوان بزانن ئەو پارەیە بۆچی سەرف دەکرێت، پارە لەحکومەت وەربگرێت و بە ئارەزووی خۆیان سەرف بکەن.

*** لە ئێستا دا وەرزشی کوردستان قۆرخ نەکراوە؟**

-پێشان وەرزش بەحزبایەتی بوو، بەڵام چەند ماوەمان دەوێ هەتا ئەو جۆرە بڕوات وەکو دەزگا کاربکات، لەئێستادا بەرەو باشی دەڕوات، هەر یانەیەك هی هەر حزبێك بێت کێشەمان نییە بەس نەك ئەو یانەیە بەسایەی حزبەکەی پارەی پێ وەربگرێت با حزبەکەش شەڕی بۆبکات و حزبیش دەتوانێ یانە بکاتەوە، چونکە پارەی هەیە.

***پێت باشە دەستەی نەزاهەی وەرزشی دروست بکرێت؟**

-پێم خۆشە بۆهەموو شت ئەو دەستەیە دروست بکرێت نەك وەرزش بەتەنیا، ئێمە بۆچی ترسمان لەدەستەی نەزاهە بێت، ئەگەر پارەکە بەرێکوپێکی سەرف بکرێت با سەد دەستە هەبێت.

***بۆچی کێشەی ٢٠ملیار دینارەکەی نێوان وەزارەت و یەکێتی تۆپی پێی کوردستان چارەسەر ناکەن، چونکە هەڕەشەی ڕاگرتنی چالاکیە وەرزشیەکانی کوردستان دەکرێت؟**

-ئێمە نە بەهەڕەشە و نە بەفشار کاردەکەین، ئێمە بە عاقلانەو زانستیانە کاردەکەین، بە بۆچوونی ئێمە حەزدەکەین سەرف بکرێت، وەزیریش ڕازی بووە.



هیبە تەلاڵ یاریزانی شمشێربازی یانەی ئەکاد:

# هیوادارم دایکان و باوکان هاوکاری کچەکانیان بکەن و نەبنە بەربەست

دیمانە: کارزان کانەبی

**یاری شمشێربازی یەکێکە لەو یارییە تاکانەی کە لەسەر ئاستی جیهان گرنگیەکی زۆری پێ دەدرێت، لەئێستاشدا لەکوردستان و عێراق گرنگی بەرچاو بەیاری شمێشربازی دەدرێت بۆئەوەی بتوانرێ پەرە بەم یارییە بدرێت و ئاست و توانای وەکو یارییەکانی تری لێ بێت، لەم ماوەیەشدا شاری هەولێر لەئێستادا لەئاستی کچان ڕۆڵی باشی هەیە لەدروستکردنی یاریزان لەم ناوانەشدا هیبە تەلاڵ یەکێکە لەو یاریزانانە کە ئاست و ئەنجامی بەرچاوە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٧و قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیە و یاریزانی یانەی ئەکادە، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

***چۆن بوو هاتیە نێو دنیای یاری شمشێربازی؟**

-بەهۆی ئەو حەز و خولیایەی کە لەم یارییە هەمبوو، حەزم دەکرد ئاستی خۆم لەم یارییە بدۆزمەوە، بۆیە هاتمە نێو دنیای شمشێربازی.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لەکوردستان؟**

-لەئێستادا ئاستی ئەو یارییە باشە، یانەکانیش گرنگی بەم یارییە دەدەن وەکو ئەوەش نییە بڵێین لەئاستێکی بەرزە، چونکە ئەو یارییە زیاتر یاری ئاسنینە لەگەڵ ئەوەشدا یاریزانانی یانەکانی کوردستان ڕوو لەم وەرزشە دەکەن لەئاییندە باشتر دەبێت، دەتوانین ئەنجامی باش بۆ کوردستان تۆمار بکەین.

***چی بکرێت باشە بۆئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێشچوونی باش بەخۆیەوە ببینێ لە کوردستان و عێراق؟**

-پێویستە قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بکرێتەوە لەگشت شارەکانی کوردستان و عێراق، یانەکانیش گرنگی زیاتر بەم یارییە بدەن. لەڕووی مادییەوە پشتگیری یانەکان بکرێت و ئامێری پێشکەوتوو بۆ ئەم یارییە بهێنین، لەو باوەڕەم ئاستی زۆر بەرەو پێش دەچێت، خولی بەردەوامیش ئەنجام بدرێت بۆ یاریزانانی کچ بەتایبەتی.

*** لەشاری هەولێر گرنگی بەم یارییە دەدرێت؟**

-ئاستی ئەم یارییە لەهەولێر باشە، بەڵام ڕێژەی کچە یاریزانانمان لەشمشێربازی زۆر کەمە.

***لەو یارییە زیاتر یاری شمشێر بەکارهێنانە، هیچ کات تووشی گرفت نەبوویتە یاخود بۆکچان ئەستەم نییە لەکاتی یاری کردندا؟**

-نەخێر هیچ کات تووشی گرفت نەبوویمە و پێشموایە بۆکچان یارییەکی ئاسانە و تووشی کێشە نابن هەروەکو یارییەکانی ترە، چونکە ئێمە جل و بەرگری تایبەت دەپۆشین لەیارییەکان.

***جگە لەیاری شمشێربازی هیچ یارییەکی ترت ئەنجام داوە؟**

-خۆم قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیمە لەزۆربەی یارییەکان شارەزاییم هەیە، بەڵام حەزم تەنیا لە شمشێربازییە.

***خانەوادەکەت هیچ کات ڕێگریت لێ ناکەن لەوەرزشکردن؟**

-نەخێر، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆر هاوکاریشم دەکەن، هیچ کات ڕێگرم نەبوونە لەوەرزش کردن بگرە هاوکارییەکی یەکجار زۆریان کردوومە، بەهیوای ئەوەشم گشت خانەوادەکانیش وەکومن هاوکاری کچەکانیان بکەن لەماڵەوە.

***کێشەو گرفتی ئەو یارییە زیاتر لەچی دەبینیی؟**

-نەبوونی هۆڵێکی تایبەت بەم یارییە لەشارەکان، ئەوەش کێشەیە کەناهێڵێت یاریزان زۆر ڕوو لەم یارییە بکەن. نەبوونی ئامێری پێشکەوتوو و کەمی کەمپی دەرەکی لەدەرەوەی وڵات ئەوانە هەمووی کێشەن لەم یارییە. پێویستە ئەم هۆکارییانە بکرێت بۆئەوەی یاریزانانی کچ زیاتر ڕوو لەم وەرزشە بکەن.

***هیوا و ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك؟**

-ئەم یارییە گەشەکردنێکی باش بەخۆیەوە ببینێ و یاریزانی کچ زیاتر بن لەم یارییە، بتوانم ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەستبهێنم لەگەڵ یانەکەم و بگەمە ئاستی هەڵبژاردەی عێراق.

***یانەی ئەکاد چۆن هاوکاریتان دەکات؟**

-کەمتەرخەمیان نەکردووە ئەوپەڕی توانی خۆیان بۆمان خستۆتە گەڕ بۆئەوەی ئاستمان بەرز بێتەوە، بەهیوای ئەوەشم زیاتر پشتگیریمان بکەن.

***داواکاری و پێشنیارت بۆلایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

-بەهیوای ئەوەم گرنگی زیاتر بەم یارییە جیهانیە بدرێت، خولی زیاتر بۆکچان بکرێتەوە و یانەکان زیاتر پشتگیری یاریزانان بکەن.

***ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-سوپاس بۆگۆڤاری گوڵان بەهیوای ئەوەم گرنگی زیاتر بەئافرەتانی وەرزشکار بدەن، لەگشت شارەکانی کوردستان.

